## ٢٠ ساڵ دوای داگیرکردنی عێراق:

## ڕەوایەتیی دڕندانەی ئیمپریالیزم




### جۆناسان هینکلەی

لەشکرکێشییەکەی ئەمریکا بۆ سەر عێراق ٢٠ ساڵ لەمەوبەر دەستیپێکرد. هەر لەو کاتەوە، وڵات بەهۆی شەڕ و تایفەگەری و توندڕەوییەوە لەت و پەت پارچەپارچە بووە. بۆ کۆتایی هێنان بە ترسناکی و بەربەرییەتی ئیمپریالیزم، پێویستە خەبات بۆ شۆڕش بکەین و سەرمایەداری پروخێنین .لە 19ی ئازاری ساڵی 2003دا، ئیمپریالیستە ئەمریکی و بەریتانیاییەکان بۆ "ئازادکردنی گەلی عێراق" دەستیان بە سەرکەشییە دڕندانەکەیان کرد. بەڵام دوای ٢٠ ساڵ هێشتا لانکەی شارستانیەت، بەو ئاگرەی ئەوان هەڵیان گیرساند، دەسووتێت. عێراق هەر لەو کاتەوە گۆڕستانێکە بۆ زیاتر لە ملیۆنێک کەس، کە بەهۆی ئیمپریالیزمی ڕۆژئاواییەوە پەرت پەرت کراوە .لە دوای پاشەکشەی شەرمەزارکەریان لە ساڵی ٢٠١١ەوە، ئیمپریالیستەکان لە گێژاوەکانیان لە عێراق دوور کەوتوونەتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەی ئەمڕۆ 'پاڵەوانانی جیهانی ئازاد' لەبارەی 'جەنگەکان لەپێناو ئاشتی' و 'دیموکراسیی ئۆکرانیا'دا باسی ئەخلاق دەکەن، شەڕی عێراق و ڕەوایەتییەکەی وەک دوو-ڕووانەترین و دژە-شۆڕشگێڕترین هێزی سەر هەسارەکە، بێ ئەخلاقییەکەی خۆی ئاشکرا دەکات.

## ئیمپریالیزم و جەنگ

لەگەڵ داڕمانی یەکێتیی سۆڤیەتدا لە ساڵی ١٩٩١، ئەمریکا وەک تاکە زلهێزی جیهان مایەوە. ئیمپریالیستەکانی ئەمریکا پێیان وابوو کە بەو پێیەی خاوەنی هێزێکی ئابووری و سەربازی بێهاوتان، دەتوانن باڵادەستیی خۆیان بەسەر هەر گۆشەیەکی جیهاندا دووپات بکەنەوە.لەگەڵ دابەزینی ئاستی ڕووسیا بۆ بشێویی، چینی دەسەڵاتداری ئەمریکا دەستبەجێ دەستیان کرد بە دەستوەردان لە پانتاییە کاریگەرەکانی پەکێتیی سۆڤیەتی پێشوودا لە سەرانسەری جیهاندا. لە زۆربەی دۆخەکاندا، دەتوانرێت دەستێوەردان لە ڕێگەی شێوازە 'ئاسایی'یەکانی بازرگانیی ئیمپریالیستەکان و 'دیپلۆماسی'ەوە ئەنجام بدرێت، ئەوانەی کە بێگومان لە خزمەتی ئەمریکا خۆیدان .بەڵام بۆ هەر حکومەتێک کە ئامادە نەبوو لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی واشنتۆندا بگونجێت و بێتەوە، ئەوا بە تەنیشتییەوە ئامێرێکی سەربازیی ترسناک لە چاوەڕوانیدا بوو بۆ ئەوەی یارمەتییان بدات تاکو، بە پێچەوانەوە، ڕازییان بکات بە هاوپەیمانێتی. ئەوانەی ئامادە نەبوون پابەند بن، وەک ڕژێمی سەدام حسێن لە عێراق، وەک ناوچە و ڕژێمێک بۆ دەستێوەردان دەستنیشان کران.

لە ساڵی ١٩٩٨دا، ئەمریکا 'گۆڕینی ڕژێم'ی عێراقی کرد بە سیاسەتی فەرمیی حکومەت، لەگەڵ دەرکردنی 'یاسای ئازادکردنی عێراق'دا. بێ گومان ئەوەی کە عێراق خاوەنی پێنجەم گەورەترین یەدەگی نەوتی جیهان بوو، کلیلی بیرکردنەوەکانیان بوو .جگە لەوەش، ئیمپریالیستەکانی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٧٩دا ڕژێمی بوکەڵەیی خۆیان لە ئێران، بەهۆی شۆڕشەوە، لەدەستدا. بەهۆی ترسیان لە ناسەقامگیریی پاشایەتیی سعودیە، بەدوای بەکرێگیراوێکی دیکەدا دەگەڕان بۆ 'سەقامگیرکردنی ناوچەکە' لە بەرژەوەندیی خۆیاندا .لەگەڵ هاتنە سەرکاری کۆمارییەکان لە ساڵی ٢٠٠٠ لە سەردەمی سەرۆک جۆرج بوش دا، ددانەکانی ئامێری جەنگیی ئەمریکا تووندتر کران و گێڕێک برانە پێشەوە. ئەوەی مایەوە بۆ جەنگ تەنیا بیانوویەک یان پێش زەمینەیەک بوو و هیچیتر .هەروەها زۆرێک لە کابینەی بوش دا بەرژەوەندیی ڕاستەوخۆیان لە عێراقدا هەبوو. بوش وەک باوکی پێشتر نەوتفرۆش بوو. وەزیری دەرەوە، کۆندالیزا ڕایز، ئەندامی دەستەی کارگێڕیی کۆمپانیای شێڤرۆن بوو. وە جێگری سەرۆک، دیک چێنی، کە پێشتر بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای وزە هالیبێرتۆن بوو، پاکێجێکی خانەنشینی ٢٠ ملیۆن دۆلاری قنج و قیتی لە کۆمپانیاکە وەرگرتبوو، کە بەڕێکەوت دوای لەشکرکێشییەکە گرێبەستەکانی 'ئاوەدانکردنەوەی' عێراقی وەرگرت .بۆ ئیمپریالیستەکانی بەریتانیاش، جەنگ ئامرازێک بوو بۆ دەست تووندکردن بە کاریگەرییە خێراکانی دابەزینیان لەسەر شانۆی جیهانی. لەگەڵ ئەوەی سەرمایەداریی بەریتانیا لە دابەزینێکی درێژخایەندا بوو، و ئیمپراتۆریەتی پێشووی لەدەستدا، ڕۆڵی بەریتانیا کەمێک زیاتر بوو لە تەنیا خزمەتکارێکی وابەستە بە ئیمپریالیزمی ئەمریکییەوە.

## درۆ و پڕوپاگەندەکان

لەگەڵ هێرشە تیرۆریستییەکانی ١١ی سێپتەمبەردا بۆ سەر ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠١، ئیمپریالیستەکان ئەو بیانووەیان دۆزییەوە کە چاوەڕێی بوون. یەکسەر دەستیان کرد بە داگیرکردنی ئەفغانستان، و ڕژێمی تاڵیبانیان ڕووخاند. تا مانگی کانوونی دووەمی ٢٠٠١، ڕژێمێکی بوکەڵەیی لایەنگری ئەمریکایان دامەزراند .ئیمپریالیستەکان بەهۆی 'سەرکەوتنی' بەڕواڵەت و فووتێکراو و ڕاستەوخۆیان لە ئەفغانستاندا، سەرنجیان خستە سەر ئامانجی داهاتوویان: ڕووخاندنی سەدام حسێن لە عێراق .ئەوەی پێی دەوترێت 'جەنگی دژ بە تیرۆر' بەلای ئەوانەوە فێڵێکی تەواو بوو بۆ ئەوەی دانیشتووانەکانیان لە پشت ململانێیەکەوە کۆبکەنەوە. ئەوەی کە قاعیدە هیچ ئۆپەراسیۆنێکی لە عێراقدا نەبووە، وەک شتێکی بێ بایەخ ڕەتکرایەوە و تەنانەت شایەنی باس نەبوو .سەرەتا هەوڵیاندا سەدام بە قاعیدە و 11ی سێپتەمبەرەوە ببەستنەوە. بەڵام کاتێک ئەمە وەک درۆیەک ئاشکرا بوو، بوش و بلێر هەنگاویاننا بۆ لێدانی ئەو تەپڵەی کە سەبارەت بە عێراقی خاوەن "چەکی کۆمەڵکوژ" و "هەڕەشەی ناونشین بۆ سەر جیهانی ئازاد" بوو .وەک ڕێکارێکی گونجاو، ئەوان دەیانگوت ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی خێرا و ماوە کورت تەنها شتێک دەبێت کە پێویستە بۆ دامەزراندنی دیموکراسییەکی گەشەسەندوو، و هەروەها بەدیهاتنی ئاشتی و سەقامگیری بۆ هەموو ناوچەکە .بلێر سەرمایەیەکی بەسوود بوو لەم کارەدا، کاروباری پیسی بە 'دۆسیە نابەجێکان' و، قسە زلەکانی سەبارەت بە "سیاسەتی ئەخلاقیی دەرەکی" و دۆزی ئەخلاقی مەسیحی داپۆشی.

بۆ ماوەیەک ئەمریکا و بەریتانیا هەوڵیاندا بڕیارێک لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە تاوتوێ بکەن، بۆ ئەوەی بیرۆکەی شەڕ لە ناوخۆدا باشتر بفرۆشن ئەویش بە پێدانی پۆشاک و بەرگێکی 'یاسایی'. بەڵام ئەمە بە ناچاری ڕەتکرایەوە، و ئیمپریالیستەکانیش بە سادەیی پلانی داگیرکارییەکانیان بەبێ گوێدان بە هیچ شتێک دەستپێکرد .هەندێکیش، لەوانەش هەندێک لە بەناو 'چەپ'ەکان، ئەمەیان وەک بنەمایەک بۆ دژایەتیکردنی شەڕەکە بەکارهێنا. بەڵام یاساییبوون و نەبوون تەنانەت بچووکترین شتی لە کارەکتەری ئیمپریالیستیی کۆنەپەرستانەی ئەمریکا نەگۆڕی.

نەتەوە یەکگرتووەکان ناوێکی دیکەی باشتر نییە جگە لە سەندیکای دزەکان نەبێت. مەبەست لێی بەرزراگرتنی 'ئاشتیی جیهانی' یان 'یاسای نێودەوڵەتی' نییە، بەڵکو دانوستانکردنە لە نێوان بەرژەوەندییەکانی گروپە نیشتمانییە کێبڕکێکارە سەرمایەدارەکاندا. بەڵام بەرژەوەندییە دژبەرەکانیان – ململانێی قازانج و دابەشبوونی جیهان – تەنیا لە مامەڵەکردن لەگەڵ پرسیارە لاوەکییەکاندا سنوورداریان دەکات. ئەمڕۆ هەموو ئەم بیانووانە وەک درۆ ئاشکرا بوون .وەک عێراق نیشانی دەدات، ئیمپریالیستەکان شەڕ بۆ 'ئازادی' یان 'دیموکراسی' ناکەن، بەڵکو لەپێناو بەرگریکردن لە هەژموونی قۆرخکارییە نیشتمانییەکانیان، و برسێتیی بێکۆتاییە لەپێناو قازانجی خۆیاندا. ئەمەش پێویستی بە داگیرکردنی سەرچاوەکانی کەرەستەی خاو و بازاڕ و کایە و پانتاییە کاریگەرەکانی دیکە هەیە.

**ئامانجەکە بەدیهات"!**

لەشکرکێشییەکە لە ١٩ی ئازاری ٢٠٠٣ بە هەڵمەتێکی 'شۆکهێنەر' لەلایەن ئیمپریالیستەکانەوە دەستیپێکرد. ئەوەبوو لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا هێزەکانی سەدامیان لەناوبرد. تا ٩ی نیسان، بەغدا کەوت؛ و تا ٣٠ی نیسان قۆناغی داگیرکاری شەڕەکە بە تەواوبوو دانرا .ڕۆژی دواتر، یەکی ئایار، جۆرج بوش لە لوتکەی کەشتییەکی فڕۆکەهەڵگرەوە "ئامانجەکە بەدیهات"ی ڕاگەیاند. گوایە ئۆپەراسیۆنە جەنگییەکان لە عێراق کۆتاییان هاتووە .سوپای ئەمریکا بە خێرایی 'دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانی'(CPA) ی کۆکردەوە، کە ئیدارەیەکی کۆلۆنیالی بوو و پشتی بە هێزە داگیرکەرەکانی پێشوو دەبەست. ئەمەش دەستێکی ئازادی بە ئیمپریالیزمی ئەمریکی بەخشی بۆ ئەوەی وڵات بەڕووی وەبەرهێناندا بکاتەوە، لەنێویاندا بە تایبەتیکردنی یەدەگی بەرفراوانی نەوتەکەی.پاشان CPA بە بەکارهێنانی سیاسەتی دێرینی دابەشکردن و حوکمڕانیکردن، دەستی کرد بە سەپاندنی 'دیموکراسی'یەکی بەپەلە کۆکراوە بەسەر عێراقدا، کە لەسەر بنەمای دابەشکارییە نەتەوەیی و تائیفییە وروژاو و هەڵتۆقیوەکان بوو .

پاژنەی ئاسنینی ئیمپریالیزمی ئەمریکی بە خێرایی دەستی کرد بە سڕینەوەی ئامێری دەوڵەتی عێراق کە پێشتر پەککەوتەبوو. ئەوان بە فەرمانێک ئەوەی لە سوپای پێشووی عێراق مابووەوە تەسفیەیان کرد، هەروەها هەر کەسێک کە ئەندامی پێشووی حزبی بەعسی سەدام بووبێت، کاری حکومییان لێ قەدەغە کرد. زیاتر لە ١٠٠ هەزار کەس لە شەوێکدا بێکار کران.

## بەربەریەت و شەڕی ناوخۆ

بە دڵنیاییەوە ئۆپەراسیۆنێکی وەها لوتبەرزانەی تێکشکاندن و گرتن لێکەوتەی گەورەشی دەبێت . دەوڵەتی بوکەڵەی دەستکردی ئەمریکا بە تەواوی لە دانیشتووان داپڕا بوو، و هەروەها لەلایەن یاخیبوونێکی چەکدارییشەوە دژایەتی دەکرا .لە هەمان کاتدا، لەگەڵ لەناوچوونی دەوڵەتی پێشووی سەدام (و ١٠٠ هەزار سەربازەکەی کە بێکاربوون و تورە بوون)، بۆشاییەکی گەورەی دەسەڵات ئاوەڵا بوو کە لە ئەنجامدا وڵاتەکە هەڵوەشایەوە و بووبە خێر بۆ میلیشیای چەکداری کێبڕکێکار .وەک لە ڤێتنامدا، ئەمریکا ڕووبەڕووی سوپایەکی وەستاو نەبووەوە کە بتوانێت بیشکێنێت. لەبری ئەوە ڕووبەڕووی هێرشی لەناکاوی بچووک بچووک بووەوە، دوای ئەوە تاوانباران توانییان بەناو دانیشتووانێکی هاوسۆزی بەرفراواندا بتوێنەوە .وەکو دۆشکە بەدەستێک کە کەوتبێتە گیانی ڕەوە لە زەردەواڵەیەک، وەک وەڵامی 'هاوپەیمانان' – کە بۆردومانی بێ جیاوازی، ئەشکەنجەدان و فسفۆری سپی لەخۆدەگرت– قوربانییەکی زۆری مەدەنی دروستکرد، ئەمەش عێراقی زیاتر وێران کرد و خاکەکەی بۆ کاردانەوەی زیاتر پیتاند .لە ئەنجامدا، ئەمریکا بۆ ماوەی هەشت ساڵی داهاتوو لە شەڕی گەریلادا نوقم بوو .بۆ ڕاگرتنی دەسەڵات، هاوپەیمانیی هاوسەنگی لە نێوان دابەشبوونی ئایینی و نیشتمانیدا دروستکرد. بەڵام بە ناچاری ئەمە گرژییەکانی زیاتر کرد، کە لە ساڵی ٢٠٠٦دا تەقییەوە و بوو بە شەڕی ناوخۆی تائیفی.

لە هەمان کاتدا بە دوورخستنەوەی سوپای سەدام لە دەسەڵات، تەواوی هاوسەنگیی هێزی ناوچەیی تێکچوو. سعودیە و وڵاتانی کەنداو دەستیان کرد بە دابینکردنی بودجە بۆ گروپە توندڕەوە ئیسلامییە سوننەکان لە عێراق، ئەمەش وەک بەرپەرچدانەوەیەک بۆ پەرەسەندنی کاریگەرییەکانی ئێران .دوای پاشەکشەی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠١١، عێراق وەک گۆڕەپانی شەڕی ئیسلامییە کۆنەپەرستەکان و زلهێزە ناوچەییە زەبەلاحەکان بەجێهێڵدرا .جێگای سەرسوڕمانە کە قاعیدە پێش شەڕ پێگەیەکی لە عێراقدا نەبوو. بەڵام بە ئاسانی لەناو وێرانەکاندا ڕواو و پەرەی سەند و بوو بە خەلافەتی ئەهریمەنیی داعش .مریشکەکان دیسانەوە دەهاتنەوە ماڵەوە بۆ ئەوەی هێلکە بۆ ئەمریکا بکەن. قاعیدە لە موجاهیدینەوە پەرەی سەندبوو، کە لەلایەن ئیمپریالیزمی ئەمریکاوە بۆ شەڕی سۆڤیەت لە ئەفغانستان پارەدار و ڕاهێنانی پێکرا. ئێستا مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە .بۆ پاککردنەوەی پاشەڵەکەی خۆی، هاوپەیمانەکان جارێکیتر بە سەرۆکایەتیی ئەمریکا لە نێوان ساڵانی ٢٠١٤ بۆ ٢٠٢٠ دەستوەردانی دووبارەیان کردەوە، هەرچەندە لە کۆتاییدا خاکی داعش تێکچوو و دابەشبوو، بەڵام ئەوە بوو داعش تاکو ئەو کات وەک پەتا بۆ سوریای دراوسێ بڵاوبوویەوە.

## لێکەوتەکانی دوای جەنگ

تێچووەکانی داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە

بەگشتی مەزەندە دەکرێت کە جەنگەکە بە لایەنی کەمەوە 1.9 تریلیۆن دۆلاری ئەمریکی تێچووبێت، هەروەها گیانی 4614 سەربازیشی کرد بە قوربانی .لە بەرامبەردا عێراق زیاتر لە یەک ملیۆن کوژراو، و 9.2 ملیۆن مرۆڤی ئاوارە کرد و ڕێژەی هەژاریی گەیاندە لە سەدا 25 و بێکاریی لە سەدا 14، و لەگەڵیشدا زۆربەی ژێرخانی عێراقی وێرانکرد .بەڕێوبەرایەتیکردن بەسەر داروپەردووەکانی دوای جەنگدا هیچ نییە جگە لە بوکەڵەیەکە کە خزمەت بە ئەمریکا و ئێران دەکات، کە ئەم دووانەش لە دژە شۆڕشترین ئەوڕژێمانەن کە لە سەر هەسارەکەمان بوونیان هەیە .ئیمپریالیستەکان گێژاوێکی خوێناوییان بەرپاکردووە و ناویان ناوە 'دیموکراسی.' بۆیە سەیر نییە تەنانەت هەندێک نۆستالیژیا بۆ دیکتاتۆری دڕندەی سەدام حوسێن هەبێت کە لە ماوەی ٢٥ ساڵەی حوکمڕانیدا ٢٥٠ هەزار کەس یان تاڕادەیەک کەمتری کوشتبێت .ئەمریکا و بەریتانیا بە هەوڵدان بە شێوەیەکی خۆفشکەرانە دەسەڵاتێکی ملکەچنەکراویان تێکشکاند ، وەک لە ئەفغانستاندا – بە هەردوو پێ خۆیان خستە نێو تەڵەی ورچەوە. دوور لە بونیادنانی ڕژێمێکی تەندروست، سندوقی پاندۆرای پڕ لە بەربەرییەت کردەوە و هەڵپچڕی، و خۆیان خستە نێو تەڵەی جەنگێکەوە کە شایەنی بردنەوە نییە.

هەڵەیەکی وەها تێچووی زۆر و درێژخایەنی دەبێت کە بە ئامانجی تاڵانکاری ئەنجامدرا، ئەمەش وایکرد لێکەوتە سیاسییەکانی بە ئەندازەیەکی بیر لێنەکراوە بێت .تا کاتی شەڕی ناوخۆی سوریا، ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا نەیتوانی وەک پێشوو دەستوەردان بکات و لە بەرەی ناوخۆدا ڕووبەڕووی شەکەتی و ماندوێتیی جەنگی بێئەندازە زەبەلاح بووەوە. پاڵپشتیی گشتی بۆ شەڕی عێراق داڕما، هەروەک چۆن درۆکان دەرکەوتن و تەرمەکان کەڵەکە بوون. ئەمەش سەرەتای کۆتایی هاتنی بوش و پارتی کرێکارانی نوێ بوو، کە هەردووکیان تەنها بەهۆی نەبوونی بەدیلێکەوە، توووند چنگیان لە دەسەڵات گیرکرد .لە هەمووی گرنگتر، ئەم جەنگە سنووری ڕاستەقینەی هەژموونی ئەمریکای ئاشکرا کرد. هەرچەندە هێشتا زەبەلاحێکی بێهاوتایە لەسەر شانۆی جیهانی، بەڵام هێندە خۆی کێشکردووە کە ناتوانێت لە هەمان کاتدا ئیرادەی خۆی لە هەموو شوێنێکدا بسەپێنێت .لە سەرانسەری جیهان و لە هەمووی گرنگتر لە ئۆکرانیا، ڕووبەڕووی زلهێزە ناوچەیيە بوێرەکان دەبێتەوە، کە توانای هاوسەنگییان هەیە لە نێوان چەندین جەمسەری نەزمی جیهانی نوێ و قەیراناویدا . هەرچەندە پاشەکشە بە ئەمریکا کراوە، بەڵام سودی لە هیچ کام لە وانەکان وەرنەگرتووە. ئەمڕۆ لە پێناوی ئامانجە کورتخایەنەکەیدا کە بریتییە لە لاوازکردنی ئیمپریالیزمی ڕووسیا، تۆوی بەربەرییەت و کاردانەوە دەچێنێت. بۆ نموونە، بە چەکدارکردن و ڕاهێنانکردنی بەردەوام بە نیمچە سەربازییە

فاشیستەکان لە ئۆکرانیا، درەنگ یان زوو ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هێرشیان بکاتەوە سەر، وەک چۆن لەگەڵ موجاهیدەکاندا کردە .بۆ بەریتانیا، ئەو کارە تەنیا یەکێک بوو لە زنجیرەیەک زەلیلکردن، کە لە قەیرانی سوێسەوە دەستی پێکرد، کە ڕەنگدانەوەی دابەزینی درێژخایەنی بوو لە ئیمپراتۆریەتی جیهانییەوە بۆ بێبایەخییەکەی .عێراق دوا دەستێوەردانی جددی ئیمپریالیزمی بەریتانیا بوو. لە ئۆکرانیا ڕۆڵی کوتکەی چیواوایەکی درێژدادڕ دەگێڕێت کە بە شێوەیەکی شێتانە حەپەحەپێتی، کە تا ڕادەیەکی زۆر لەلایەن واشنتۆن و زلهێزەکانی دیکەوە پشتگوێ خراوە .لەو کاتەوەی کە خودی سوپای بەریتانیا دۆخی خراپتر بووە، بە پلە کەمبووەکان و چەک و ئامێرە بەسەرچووەکانەوە، بە "هێزێکی فشۆڵ" لە "دۆخێکی ترسناک"دا ناوزەد کراوە. بە وتەی ژەنەراڵێکی ئەمریکی، "چیتر توانای بەرگری لە بەریتانیا و هاوپەیمانەکانی نییە."

## بزووتنەوە جەماوەرییەکان

چینی کرێکار، لە کاتێکدا هەموو ئەمانە دەگوزەرا، بێدەنگ دانیشت. پەرەسەندنی شەڕ یەکێک لە گەورەترین خۆئامادەکردنەکانی هەموو سەردەمەکانی وروژاند، کە ٥٥ ملیۆن کەس لە ئاستی جیهانییدا ڕژانە سەر شەقامەکان .بەڵام ڕژانە سەر شەقامە بەرفراوانەکەی ئەم بزووتنەوەیە سەرچاوەی لاوازییش بوو. لە بەریتانیا، هاوپەیمانێتی بۆ وەستاندنی جەنگ، سەندیکاکان و سۆسیالیستەکانی لەگەڵ لیبراڵ و گروپە ئاینییەکاندا بەیەکەوە گرێدا، هەموو ئەمانە لە ژێر دروشمێکی بەتاڵدا کە مەبەست لێی نەترساندنی هیچ کامیان بوو: 'ئاشتی .'بەڵام ناکرێ ئاشتی لەسەر بنەمای سەرمایەداری بوونی هەبێت. ئەگەر بزووتنەوەیەکی جەماوەریی چینی کرێکار، چینی دەسەڵاتدار لە چەک دانەماڵێت کە بەرژەوەندیی ماددی لەم سەرپێرینە پچڕپچڕانەدا هەیە، ئەوا ئیمپریالیستەکان بە سادەیی پەنجەرەکانیان دادەخەن و بۆ ئەوەی ژاوەژاوی خۆپیشاندانەکان نەیەنەژوورەوە و بەردەوام دەبن لە تالانکارییەکانیان .ساڵانی دواتر سەرهەڵدانی 'بەهاری عەرەبی' لە ساڵی ٢٠١١دا بەخۆوە بینی. ئەمەش بووبە هۆی ماتەوزەیەک بۆ جەماوەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە مانای گرتنەدەستی دەسەڵات.

ئەمە بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە بوو کە بە تێپەڕین لە دابەشبوونە تائیفییەکانەوە، وەک ئاگری کێوی و ڕامنەکراو جیهانی عەرەبیی گرتەوە و ژمارەیەک دیکتاتۆری ڕوخاند و تەنانەت گەشتە ناو عێراقیش.بەڵام بەبێ ئەوەی پارتێکی شۆڕشگێر بەرنامەیەکی سۆسیالیستی ڕوون بخاتەڕوو، دواجار ئەم ڕاپەڕینانە لە ڕێرەوی خۆیان دەرچوون .بە ناچاری، لە ساڵانی داهاتوودا، بزووتنەوە

هاوشێوەکان سەریانهەڵدا، بەڵام لە ئاستێکی باڵاتردا، لەگەڵ قووڵبوونەوەی قەیرانی سەرمایەداریدا.

## شۆڕشی سۆسیالیستی

شەڕی عێراق وەک وانەیەکی دڕندانە لەسەر دووڕوویی و کینیزمی ئیمپریالیزم دەچێتە مێژووەوە . لە کاتێکدا ئیمپریالیستەکان هاوار دەکەن سەبارەت بە 'بەرگریکردن لە دیموکراسی'، و ڕێزگرتن لە 'سەروەری نەتەوەیی'، لە ڕاستیدا ئەوان تەنیا خەمی بەرژەوەندییە ڕووتەکانی خۆیانیان هەبوو-هەیە، بەبێ ئەوەی دوودڵییان هەبێت سەبارەت بە ئامرازەکان. بۆ گەشتن بە مەرامەکانیان گۆڕینی ڕژێم' ئەرکی سەربازانی ئەمریکی یان بەریتانی نییە، بەڵکو ئەرکی جەماوەری کرێکار و هەژارانە. بۆ کرێکارانی ڕۆژئاوا – دوژمنی سەرەکیمان لە ماڵەوەیە و لەناو خۆماندایە !تەنیا بە دەرهێنانی دەسەڵاتە لە دەستی ئەو مشەخۆرانەی بەرپرسیارن لەم جەنگە خاچپەرستە ترسناکەدا، کە دەتوانرێت ئاشتییەکی ڕاستەقینە و بەردەوام بەدەستبهێنرێت.شۆڕشی سۆسیالیستی لەجیاتی ئەوەی دۆزەخێک لەسەر زەوی دروست بکات، وەک چۆن ئیمپریالیزم لە سەرانسەری هەسارەکەدا هەیبووە، ڕێگا بۆ بەهەشتێک لەم جیهانەدا دەکاتەوە، بە دەستبەسەرداگرتنی ئەو سامانە فراوانانەی کە لە سایەی سەرمایەداریدا بەفیرۆدراون و بەکارهێنانیان لە بەرژەوەندی مرۆڤایەتیدایە . تەنیا لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانرێت دووبەرەکی و برینە قووڵەکانی عێراق سارێژ بکرێت و ڕەویەتیی ئەهریمەنیی ئیمپریالیزم بۆ یەکجارەکی و بۆ هەمیشە بنێژرێت و بنەبڕ بکرێت.

## هێڵی کاتیی ڕووداوەکان

١٩٩١-١٩٩٢ :ئەمریکا جەنگی یەکەمی کەنداوی دژ بە عێراق دەستپێکرد.

٣١ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٨: ئەمریکا یاسای ڕزگاریی عێراقی دەرکرد و گۆڕینی ڕژێمی کردە سیاسەتی فەرمی.

١٦-١٩ی کانوونی دووەمی ١٩٩٨: ئەمریکا و بەریتانیا عێراقیان بۆردومان کرد، بەڵام شەڕی تەواویان ڕاگرت.

٢٠ی جەنیوەریی ٢٠٠١: جۆرج بوشی کوڕ هاتە سەر دەسەڵات، ئامادەکارییەکانی بۆ جەنگ سازکرد.

١١ی ئەیلوولی ٢٠٠١: تیرۆریستانی سعودیە هێرشیان کردە سەر ئامانجەکانی ئەمریکا. بوش 'جەنگی دژ بە تیرۆر' ڕادەگەیەنێت.

٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠١: ئەمریکا و بەریتانیا هێرشیان کردە سەر ئەفغانستان، تاڵیبانیان لە ماوەی دوو مانگدا دوورخستەوە.

جەنیوەری ٢٠٠٢: بوش عێراقی بە بەشێک لە 'میحوەری خراپە' ناساند.

١٥ی شوباتی ٢٠٠٣: خۆپیشاندانی دژە جەنگ لە ٦٠٠ شاری جیهان بەڕێوەچوو، لەنێویاندا ژمارەیەکی پێوانەیی ١,٥ - ٢ ملیۆن کەسی لە لەندەن تۆمارکرد.

19ی ئازاری 2003: لەشکرکێشیی هاوپەیمان بە سەرۆکایەتی ئەمریکا دەستیپێکرد بۆ سەر عێراق.

١٠ی نیسانی ٢٠٠٣: بەغدا کەوتە دەست ئەمریکییەکان.

1ی ئایاری ٢٠٠٣: سەرۆک بوش 'ئامانجەکە بەدیهات'ی ڕاگەیاند.

٢٣ی ئایاری ٢٠٠٣: دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان سوپای عێراق و دەوڵەتی بەعسی هەڵوەشاندەوە.

٣١ی ئازاری ٢٠٠٤: یەکەم شەڕی فەلوجە دەستیپێکرد دوای بۆسەی بەڵێندەرانی ئەمریکی. یاخیبوون دەچێتە قۆناغێکی نوێوە.

١٨ی نیسانی ٢٠٠٤: بڵاوبوونەوەی وێنەی دڕندەییەکانی ئەمریکا لە زیندانی ئەبوغرێب.

١٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٤: دامەزراندنی قاعیدە لە عێراق.

٣١ی ئازاری ٢٠٠٥: کۆمیسیۆنی هەواڵگریی عێراق بەو ئەنجامە گەیشتن کە 'هەواڵگری' پێش جەنگی ئەمریکا سەبارەت بە چەکی کۆمەڵکوژ درۆ بووە.

٢٢ی شوباتی ٢٠٠٦: بۆردومانکردنی مزگەوتی ئەلعەسکەری، شەڕی ناوخۆی تائیفیی لێکەوتەوە.

١٠ی جەنیوەری ٢٠٠٧: سەرۆک بوش 'بەرزبوونەوەی ژمارەی هێزەکانی بۆ ٢٠ هەزاری دیکە ڕاگەیاند.

٢٨ی ئایاری ٢٠٠٩: دواهەمین سەربازانی بەریتانیا عێراقیان بەجێهێشت.

١٥ی کانوونی دووەمی ٢٠١١: کشانەوەی کۆتایی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق.

حوزەیرانی 2014: داعش دەستی بەسەر موسڵ و تکریتدا گرت. شەڕی ناوخۆی نێوان حکومەت و داعش. ئەمریکا دەستوەردان دەکاتەوە.

کانوونی دووەمی ٢٠١٧: حکومەتی عێراق سەرکەوتنی بەسەر داعشدا ڕاگەیاند